# دوو پرۆژەکتەری گیــــ




داتاشۆ یان پرۆژکتەر ئەگەرچی گشتگیر نییە بەڵام لە شوێنی خۆی و لەکاتی خۆی گرنگی تایبەتی خۆی هەیە، وەك كۆڕ و سیمینارەکان، خولەکانی فێرکردن و راهێنان، زانکۆ و قوتابخانەکان...تاد.

داتاشۆکانیش وەك زۆربەی ئامێرەکانی دیکە قەوارەیان بەرەو بچووك بوونەوە دەچێت و بەڵام کاراییان زیاتر دەبێت. بۆ نموونە ئەم دوو داتاشۆیەی لێرەدا دەبینن..

داتاشۆی جۆری RIF6 CUBE Pico یەکێکە لەم داتاشۆیانە، لە ریزی مینی پرۆژەکتەرە سەرکەوتووکان دادەنرێت، هەم بچووکە و هەم ستایلەکەی سەرنج راکێشە، بەقەد موبایلێکی بچووك دەبێت و چوارگۆشەییە ٢ ئینج لە ٢ ئینجدا.. لەگەڵ مۆبایل و کۆمپیوتەریش بەهۆی وای-فایەوە پەیوەند دەدرێت. هەرچەندە شوێنی کێبڵی HDMIشی





## فڵچەی ددانی ئەلکترۆنی بەبێ باتری

فڵچەی ددان لەم دواییەدا گۆڕانکاری بەسەرداهاتووە، ئیدی فڵچەی ددان هەر ئەوە نییە پێکهاتبێ لە پارچەیەکی پلاستیکی و مەعجونی لەسەر دابندرێ، بەڵکو فڵچەی هۆشمەند هەیە فێرت دەکات چۆن ددانەکانت بشۆی، ئەو شوێنانەی نەشۆراون پێت رادەگەیەنێ، کاتەکانی شۆردنی ددانت بیردەخاتەوە.

فڵچە ئەلکترۆنی و هۆشمەندەکان بۆ کارکردن پێویستیان بە وزە و شەحنکردنەوەیە. بەڵام فڵچەی ئەلکترۆنی Toothbrush-be لە باتری و کارەبا بۆ شەحنکردنەوەی سوود وەرناگرێت، وزەی پێویست لە بەکارهێنەرەکەی وەردەگرێت و بە داگرتنی دەستەی فڵچەکە وزە وەردەگرێت، هەرچەندە وزە لەخۆیدا راناگرێت بەڵام لەو کاتانەی کە خەریکی ددان شوشتنی وزە لە داگرتنی دەسکەکەی وەردەگرێت. فڵچەکە دوو رەنگی رەش و سپی هەیە.

## هواوی کاتژمێرە سمارتەکەی خستەڕوو

لەم ماوەیەدا کۆمپانیای هواوی، نوێترین کاتژمێری سمارتی خۆی واتە Watch2 خستەڕوو، بە بەراورد بە ڤێرژنی پێشخۆی گۆڕانکارییەکی ئەوتۆی تێدا بەدی نەکراوە. ئەم ڤێرژنە سێ نموونەی خراوەتەڕوو. کاتژمێرەکان خۆیان سیمکارتی بچووکیان دەخرێتەسەر. شاشەکەی ١,٢ ئینجە و لە جۆری OLEDیە. کێشی تەنیا ٥٧ گرامە. رامەکەی ٧٦٨ میگابایتە و میمۆریەکەی ٤ گیگایە. سیستەمی GPSی لەسەرە، لێدانی دڵ و چۆنییەتی خەوتنی بەکارهێنەرەکەی دەخاتە ژێرچاودێری. لە شەو و رۆژێکدا جارێك شەحن دەکرێتەوە.

## ـــــــرفانی و پۆرتێبڵ




هەیـە. میمـۆری کارتیشـی تێدەخرێت. بـە رووبـەری زیاتـر لـە دوو مەتـر بـە روونـی داتـاکان نیشـان دەدات.

داتاشـۆی جـۆری Nebula Capsuleیـش مینـی پرۆژکتەرێکی سـەرنج راکێشـە. بـۆ ماڵـەوە لـە شـوێنی تیڤـی دەگونجێـت. ئەزموونێکـی سـینەمایی هۆشـمەند بۆ بەکارهێنەرانی لە هەموو کات و شوێنێدا دەڕەخسێنێت. خاڵی سەرنجی پرۆژەکتەرەکە لەوەیدایـە کـە بڵندگۆکـەش هەر لەناخـی پرۆژکتەرەکەدایە و پێویسـتی بە بڵندگۆی دیکـە نییـە. دەنگێکـی زۆر باشـی هەیـە، فیلمـەکان بـە رووبەری سـەد ئینج نیشـان دەدات، خۆی سیسـتەمی ئەندرۆیدی هەیەو راسـتەوخۆ دەتوانی لە یوتیوبەوە فیلمەکان وەربگری..




## چاویلکەی هۆشمەند جێگەی مۆبایل دەگرێتەوە

چاویلکـە هۆشـمەندەکان (smart glasses) بەرهەمێکی نوێن لە جیهانی دیجیتالیدا، لە ئایندەی تەکنەلۆژیـادا ئامـرازەکان هەمـان ئامرازە سـادەکانی رابـردوو نیـن، ئـەوان چەندین ئەرکی دیکـەش ئەنجام دەدەن. بـۆ نموونـە چاویلکـە ئـەوە نییـە تەنیـا بـۆ جوانتـر بینیـن بێـت، بەڵکـو دەکرێ قسـەی پێبکرێ، خوێندنـەوەی پێبکرێ، بەهۆی چاویلکەی سـمارتەوە دەکرێ سـەردانی ئینتەرنێت بکەی و سـوود لە تۆڕە کۆمەڵایەتییـەکان وەربگری.. بـۆ نموونە چاویلکەی سـمارتی جـۆری Vuzix M100، ئـەم چاویلکەیـە سیسـتەمی ئەندرۆیـدی لەسـەرە، دەکـرێ لـە بـری مۆبایـل بـەکاری بێنـی و وەڵامـی پەیوەندییەکانـی پێبدەیـەوە، پەیـام بـەرێ بکـەی و بخوێنیـەوە. وێنە و فیلمـی بەکامێرا ٥ میگاپیسـکیلەکەی پێبگـری. مەودای رۆیشـتنی پێ دیـاری بکەی. میمۆری ناو چاویلەکەکـە ٣٢ گیگابایتـە، دەکرێـت راسـتەوخۆ لە ئینتەرنێت فیلم سەیر بکەی و گوێ لە مۆسیقابگری، خۆی وای-فا و بلوتوسی هەیە.

## کرۆم بۆکس ٣ و سیستەمی ئەندرۆید

کۆمپانیـای asus کـە لـە ریـزی کۆمپانیـا ناسـراوەکانی بواری بەرهەمهێنانی کۆمپیوتەر دێت، لـەم دواییـەدا مینی کۆمپیوتەرێکی بە سیسـتەمی ئەندرۆیـد خسـتەڕوو. ئـەم کۆمپیوتـەرە بچووکـە بە ASUS Chromebox 3 ناسـراوە. یەکێکـە لـە ریزی باشترین و پێشکەوتووترین مینی کۆمپیوتەرەکان.

مینـی کۆمپیوتەرەکە پرۆسیسـەرەکەی لە جۆری نـەوەی هەشـتەمی ئەنتەلە. شـوێنی دانانی کێبڵی USB3 هەیە. رامەکەی ١٦ گیگابایتە و هاردەکەی ٢٥٦ گیگابایتـە. شـوێنێکی دانانـی displayport هەیە کە وێنە بە کوالیتی k4 بڵاو دەکاتەوە.






## بۆ کۆپی کردن پێویستی بە کۆمپیوتەر نییە

هارددیسکی پۆرتێبڵ یا (خارجی) بۆ هەڵگرتن و داکردنی داتاکان و کۆپی کردنیان پێویستی بە کۆمپیوتەر هەیە، بەبێ کۆمپیوتەر ناکرێت داتاکانی سەر هاردەکە بگوازرێنەوە و دەستکاری بکرێن. بەڵام هارددیسکی copilot بۆ راگواستنی داتاکان پێویستی بە کۆمپیوتەر نییە. ئەم هارددیسکە ٢٠٠٠ گیگابایت جێگا دەگرێ. خودی هارددیسکەکە باتری هەیە و دەتوانێت زانیاری سەر میمۆری کارتەکان راستەوخۆ وەربگرێ. شاشەیەکی بچووکی هەیە. شوێنی هەموو جۆرە کێبڵێکی پێویستی بۆ ئامێرەکان هەیە. هارددیسکەکە لەگەڵ تۆڕی وای-فای دەگونجێت و راستەوخۆ زانیارییەکان لەسەر تەلەڤزیۆنەکانی خاوەن وای- فای بڵاودەکاتەوە.



## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک

**خوێنەرێکی بەڕێز دەپرسێت بۆچی لاپتۆپەکەم وەك پێشوو خێرا نییە، چ شتێك بۆتە هۆکاری ئەوەی خێرایی جارانی لەدەست بدا، چۆن وەك خۆی لێدێتەوە؟**

خوێنەری بەڕێز زۆر هۆکار هەن کە دەبنە کەم بوونی خێرایی کۆمپیوتەر، دابەزاندنی پرۆگرامی زۆر بەبێ ئەوەی کە پێویستت پێیان بێ. چالاك بوونی Auto-startلە لاپتۆپەکەتدا، زوو ئەپدیت کردنەوەی ویندۆزەکەت، بۆ ئەمانەش پێویستە ئەو پرۆگرامەی پێویستت نییە لەسەر کۆمپیوتەرەکەت نەبێت، بە داگرتنی دوگمەی alt,ctrl,delet پێکەوە پەنجەرەیەك دەکرێتەوە و بچۆ سەر بەشی Startup و لەوێدا بەشی Auto-start بکەوە، سەیر بکە بزانە چەند پرۆگرام لە یەك کاتدا کار دەکەن، تەنیا ئەوانە بهێڵێەوە کە پێویستت پێیان نییە.. دیارە ئەمە دوو هۆکار بوون هۆکاری دیکە گەلێکن.

## پرۆگرامێک وێنەکانت دەکاتە وێنەی شێوەکاری


تەکنەلۆژیای نوێ ئەگەرچی ئاسانکاری زۆری کردووە، بەڵام زیانیشی هەبووە، هونەر بەگشتی لە جیهانی دیجیتالیدا ئەگەر سوودیشی پێگەیشتبێ زیانی زۆریشی پێگەیشتووە، ئێستا بە ئاسانترین شێوە کەسێك تۆزێك لە هونەری خۆشنووسیش نەزانێت بە کۆمپیوتەر جوانترین خەت دەنووسێ، موسیقا بە کۆمپیوتەر لێدەدرێ، نیگارکێشان و شێوەکاریش بە کۆمپیوتەر دەکرێت..

یەکێك لەم پرۆگرامە گرنگانەی تایبەتە بە شێوەکاری پرۆگرامی PhotoArtistیە. ئەرکی پرۆگرامەکە ئەوەیە وێنە فۆتۆگرافییەکان بکات بە وێنەی هونەری و شێوەکاری. دیارە بەکارهێنەر دەتوانێت بە ویستی خۆشی وێنەی پێ بکێشێتەوە، یان ئەو تابلۆیانەی لە فۆتۆکانەوە دروست دەبن بە ویستی خۆی دەستکاریان بکات.

پرۆگرامەکە زیاتر لە ٥٠ ئێفێکتی و فیلتەری تایبەت بەخۆی تێدایە کە ئەرکەکان زۆر ئاسان دەکەنەوە.

## سەرنجێک لەسەر کیبۆردی MK750

کیبۆرد واتە تەختەی دوگمەکان هەرچەند وەك ئامێری لاوەکی کۆمپیوتەر داندراوە، بەڵام بەبێ ئەو پارچەیە هیچ سوودێك لە کۆمپیوتەر وەرناگیردرێت.. کیبۆردەکان لەکارکرد و ستایلدا جیاوازیان هەیە، کیبۆرد هەیە زۆربەی ئەرکەکان لە کۆمپیوتەردا ئاسان دەکاتەوە بۆ نموونە کیبۆردی جۆری MasterKeys MK750. ئەم کیبۆردە سێ جۆری هەیە، دوگمە شین، قاوەیی و سوور.. کیبۆردی دوگمە شین واتە key Blue تایبەتە بە تایب کردن. بەکارهێنەر لەکاتی تایبکردن بەم کیبۆردەدا چێژێکی زۆر وەردەگرێ. میمۆری ناو کیبۆردەکە ٥١٢ کیلۆبایتە. بە کێبڵی USB بە کۆمپیوتەرەوە پەیوەند دەدرێت، کێشی کیبۆردەکە کیلۆیەکە.




کیبۆردی جۆری دوگمە سوور واتە key Red تایبەتە بە یاری ئەلکترۆنی و دوگمەی قاوەیی key Brown هەم بۆ تایب و هەم بۆ گەیم




## بەم داتاشۆیە سەیری مۆندیال بکە

هەر کۆمپانیایەکی گرنگی بەرهەمهێنانی دیجیتالی بە بەرهەمێك ناوبانگ دەردەکات، کۆمپانیای BenQ یش بە بەرهەمهێنانی باشترین داتاشۆش واتە پرۆژکتەر ناسراوە، کۆمپانیای ناوبراو لەم ماوەیەدا داتاشۆی جۆری TK800 بەرهەم هێناوە، کۆمپانیا ئەم بەرهەمەی لەبەر موندیال واتە (کاسی جیهانی تۆپی پێ) خستە بازاڕەوە. پرۆژکتەرەکە بە کوالیتی K4 و UHD واتە چوار قاتی full HD روونتر و گەشتر داتاکان بڵاودەکاتەوە. خودی پرۆژکتەرەکە دوگمەی تایبەت بە وەرزشی تێدایە. بڵندگۆکەی ٥ واتە و سیستەمێکی تێدایە کە ورەدەکاری دەنگەکان لێك جیا دەکاتەوە. تەمەنی گلۆپەکەی زۆرترە لە داتاشۆکانی دیکە، دیزاینێکی جوان و کێشێکی کەمی هەیە. رووبەری نیشاندانی داتاشۆیەکە ٢٠٠ ئینجە، واتە لادیوارێك! سینەمایەك لەماڵەوەدا.



## سایتێک ٥٠ گیگا شوێنی داتا دەبەخشێ

پێویستت بەوە هەیە داتاکانت لە وێنە و دۆکیۆمێنت و فیلمەوە لە شوێنێکی ئەمن و پارێزراودا رابگری، کە بە تێکچوونی کۆمپیوتەر و مۆبایلەکەت داتاکانت هەروەك خۆیان بن، مۆبایلەکەت پڕ بووە و شوێنی داکردنی داتای نەماوە.. بۆ ئەم مەبەستانە سایتی https://mega.nz/ بەکار بێنە.. ئەم سایتە ٥٠ گیگابایت شوێنی هەڵگرتنی داتا بە خۆڕایی دەبەخشێت، سەرەتا بچۆ سایتەکە ئەکاونتێك بکەوە دواتر بۆ مۆبایل ئاپێکی تایبەت بەخۆی هەیە دایبەزێنە.. ئیدی بە ئاسانی هەموو داتاکانت لەوێدا رابگرە، بۆ کۆمپیوتەریش هەروایە.

## لۆنا بچووکترین کامێرای ٣٦٠ پلەیی

بچووك بوونەوەی ئامێرەکان لە جیهانی دیجیتالی نوێدا وەك ئمیتیاز سەیر دەکرێت، هەروەك بچووك بوونەوەی کۆمپیوتەر و تەلەڤزیۆن و ستەلایت و کامێرا و..تاد..

کامێرای ٣٦٠ پلەیی ئەگەرچی خۆی داهێنانێکی نوێیە لە کامێرای دیجیتالیدا، کامێراکانی ٣٦٠ پلەیی تا رادەیەك مەزنن و لە گیرفاندا جێگایان نابێتەوە، بەڵام کامێرای luna 360 بچووکترین کامێرای ٣٦٠ پلەیە. تەنیا یەك دوگمەی هەیە بۆ کارپێکردن. دوو لێنز (عەدەسە) ی fish eye190 پلەیی هەیە کە دەتوانێت وێنەی هەموو دەوروبەر بەیەك چرکە بکێشێ.

یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی ئەم کامێرایە ئەوەیە پێویستی بە هیچ پارچەیەکی دیکە نییە. کامێراکە دژە تەڕبوونە. وێنەکان بە وای-فای بۆ مۆبایل و کۆمپیوتەر دەگوازێتەوە. میمۆرییەکەی ٣٢ گیگابایتە. راستەوخۆ دەتوانیت وێنە و ڤیدیۆکان لەسەر مۆبایلەکەت ببینی.





دەگونجێت.. سیستەمێك لەو کیبۆردەدا هەیە کە لە کیبۆردەکانی دیکەدا نییە ئەویش ئەوەیە کاتێك دوو دوگمە بە پەنجەیەك دادەگری، کیبۆردەکە بە سیستەمی Anti-ghosting ناهێڵێت هەردوو کاراکتەرەکە بنووسرێن و یەکێکیان هەڵدەبژێرێ. شتێك کە لەم کیبۆردەدا سەرنجت رادەکێشێ ئەوەیە کە بۆ ئەوەی کە بەری دەستت ئارەق نەکات و ماندوو نەبێ. پاڵپشتێکی هەیە.

